# سەفائەدین دوو ڤیدیۆ کلیپ بەرهەم دێنێ



هونەرمەندی دەنگخۆش " مەریوان سەفائەدین" دوو ڤیدیۆ کلیپی نوێی تۆمار کرد.

لەدوایین کارەکانیدا مەریوان سەفائەدین دوو فیدیۆ کلیپی بۆ کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان تۆمارکرد، یەکەمیان بە ناوی "لەکۆڵانی تەنگەر بەر" کە ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆرە، دووهەمیان بە ناوی ئای "لە من" ئاوازی فۆلکلۆر و هۆنراوەی بەختیار ساڵح .

جێگەی ئاماژەیە کە هەردوو کلیپەکە بەهاوکاری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سویدەوە بەرهەم هێنراون.

# با دڵنیا بێت ئاو

**جەمال غەمبار**



شەوی گۆشەگیریی چەندە
کورتیش بێت
تازە من ناتگەمێ ئەی
سپێدەی ئومێد !
چەنێ درێژیش بێت بەیتی
دڵنەوایی دنیا ،
تازە مەحاڵە گەڕانەوەی
گۆرانیی و سێبەر
بۆ عەرعەری تەنیایی من !
***
ویستم دڵی شکاوی سەفەر
بدەمەوە
گۆزەیەکی موسافیر خۆی پڕ
کرد لە شەرابی مردن و
لە سەربانی درۆکانی ژیانەوە
خۆی بەردایە خوارێ

# بەختیار ساڵح خۆی بۆ ئاهەنگی ستۆکهۆڵم ئامادە دەکات



سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە بەختیار ساڵحی گۆرانیبێژ خۆی بۆ شەو ئاهەنگی شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید ئامادە دەکات کە بڕیاروایە سێ شەو بەدوای بەیەکەوە ئاهەنگی خۆی بۆ کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتی سوێد، بەتایبەتیش کوردانی دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم لە رێستۆرانتی دیدار لە سوندباری بەرێوەببات.

بەگوێرەی زانیاریەکان بەختیار ساڵح بەرهەمە کۆنەکانی خۆی پێشکەش بە بەشداربوون دەکات، بەڵام گرنگی لەوە دایە کە سێ شەو بەدوای یەکەوە لە شاری ستۆکهۆڵم ئاهەنگ دەگێڕێ. یەکەمین شەو ئاهەنگ لە 2007-11-30 ساز دەکرێ، رۆژەکانی 1و 2-12-2207 درێژەیان دەبێ.

# گوڵە بێنازەکان چاوەکانی کردۆتەوە، لەم نزیکانەش پەخش دەکرێ

درامای "**گوڵە بێنازەکان**" لە تێکستی عەبدوڵڵا بابەکر، دەرهێنانی کەمال ئالانی و وێنەگرتنی جەمال پورو مام وەتمانەوە بەرهەم هاتووە. دیمەنەکانی ئەم درامایە لە هەردوو شارۆچکەی رانیە و قەڵادزێ دا وێنەیان لێهەڵگیراوەتەوە، باس لە خەم و ئازارەکانی ژنانی کوردستان دەکات، هاوکات رەوشی رامیاری و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە بەرچاوان و هەوڵ دەدات قسە لە رێگە چارەسەی کێشەکانی ژنان بکات.

ئەم درامایە وەک هەنگاوێک بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان دەستپێشخەری دەکات و دەخوازێ کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هاوچەرخانە رەفتار لەگەڵ کێشەکانی ژنان دا بکەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان کارەکانی ئەم درامایە تەواو بووە، ئێستا ئامادە چاوەکانی هەڵێنێ و چاوی بینەران رۆشن بکاتەوە.

بەم بۆنەیەوە ئێمە لە ستافی هەفتەنامەی **رۆژی گەل** لەکاتێکدا دەستخۆشی لە تێکرای ئەو هونەرمەندانە دەکەین کە کاریان لەم درامایە و ئەوانەی هاوکاریشیان کردووە، دەکەین، لەهەمان کاتیدا هیوای سەرکەوتن بۆ خەمخۆرانی هونەری کوردستان دەخوازن.

هەڵبەت دوای بڵاوبوونەوەی دراماکە بینەران و خوێنەران دەتوانن قسەی خۆیان بکەن و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەم بەرهەمە دەرببڕن.

# فیلم نووسانی سینەمای هۆلیوۆد مان دەگرن

سەندیکای فیلمنامە نووسانی ئەمریکا داوای لە ئەندامانی خۆی کردووە کە لەبەرانبەر بەرز نەکردنەوەی پشکی خۆیان لە فرۆشتنی دیێ ڤیێ دیێ دا هەڵوێست بنوێنن و دەست بە مانگرتن بکەن.

بەگوێرەی هەواڵەکان کاتژمێری13ی رۆژی دووشەمە رێکەوتی 5-11-2007 دوو هەزار ئەندامی ئەو سەندیکایە دەست لە کار هەڵدەگرن و مان دەگرن.

جێگەی ئاماژەیە کە دوایین مانگرتنی فیلمنانە نووسانی ئەمریکا سی ساڵ لەمەوپێش بوو کە بیست و دوو هەفتە درێژەی کێشابوو. ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دانابوو، بە وەرزی پاییزی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ناوبانگی دەکرد.

نوێنەرانی ستۆدیۆ گەورەکانی فیلمنامەنووسی هۆلیوۆد هیواخوازن کە بتوانن بگەنە رێگەچارەیەکی گونجاو، لەگەڵ فیلمنانەنووسەکان رێکبکەون و زیانیان پێنەکەوێ.

فیلمنامەنووسانی هۆلیوۆد خوازیارن کە مافەکانیان لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی دیێ ڤیێ دیێ، ئینتەرنێت، مۆبایل و بوارەکانی دیکەی ئەلەکترۆنی مسۆگەر بکرێ.

مایکل ڤێنشیب سەرۆکی سەندیکای فیلمنامەنووسانی رۆژهەڵاتی ئەمریکا بە هەواڵنێری بی بی سی گوتووە کە هێستا بەرێوەبەرانی ستۆدیۆکانی فیلمسازی کاتیان لەبەر دەست ماوەو دەتوانن نەهێڵن مانگرتنە بکەوێتە واری کردارییەوە.

# ماهیر ئەلبومی دڵ ئاوێنەی دڵە بڵاو دەکاتەوە

**ماهیری** گۆرانیبێژ بەنیازە چوارەمین ئەلبومی خۆی بەناوی **دڵ ئاوێنەی دڵە** بڵاو بکاتەوە، بەوبۆنەیەوە لە رێگەی رادیۆی دەنگی ئەمریکاوە تیشکی خستە سەر ئەلبومەکەی و گوتی : "ئەلبومێکم لەبەردەست دایە کە لە12 گۆرانی پێکهاتووە، هونەرمەند هێمن حسێن لە کوردستاندا کاری مۆزیکی بۆ ئەنجام داون، ئاوازەکانیش هی خۆمن، تێکستەکانیش لە هۆنراوەکانی شاعیران عیرفان ئەحمەد، سەرکەوت رەسوڵ، قەلەندەر بەرزنجی و بەرهەمی فۆلکلۆرەوە وەرگیراون، هەندێک لە گۆرانیەکانیش لە ستۆدیۆیێکی ئیستانبۆل تۆمار کراون"



ماهیر درێژەی بە قسەکانی داو رایگەیاند کە یەکێک لە گۆرانیەکانی ناو ئەلبومی دڵ ئاوێنەی دڵە لە شاری هایدن

بێرگی ئەڵمانیاوە کلیپ کراوە، یەکێکی دیکەشیان لە سوێد کاک هەردی عومەر کلیپی بۆ کردووە، ئێستا لە کۆمپانیای کۆڕەک مۆزیک بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە"

جێگەی ئاماژەیە کە ماهیر پێشتر سێ ئەلبومی خۆی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمیان بە ناوی وەرزی سەهۆڵبەندان لە 1997، دووەمیان بە ناوی بەسەرچووم لە 2000، سێیەمیان بەناوی درۆیەکی شیرین لە 2003. هەروەها ماهیر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە سەرکەوتووانە بەهەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی گۆرانی دەچرێ، بەوهۆیەشەوە جێگەی خۆی لەنێو کوردستانیاندا کردۆتەوە.

# ئەو هونەرمەندانەی ئاگاری ترسناکیان هەیە

گۆڤارەکە لە ئاکامی بەدواداچوونەکەدا گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە لانی کەم یازدە ئەکتەرو هونەرمەندی ناوداری جیهانی بۆخۆیان کرێت و ناحەزن، ئەگەر رۆڵی ترسناک لە فیلمێکی ترسناک دا ببینن، پێویستیان بەوە نابێ کە مکیاژ بکەن.

**گۆڤارە ناوی هەریەکە لە " جۆسلین وایلدینستاین، دۆناتیلا فیرساتچي، دیانا روس و مایکل جاکسۆن**"ی هێناوە.

هەرچەندە کە تا ئێستا هیچ یەک لەو هونەرمەندانە بە شێوەیەکی فەرمی نارەزایی خۆیان پێشان نەداوەو رێگەی سکاڵا تۆمارکردن و دادگەیان نەگرتۆتەبەر، بەڵام بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان و ئەکتەرانی ناوداری جیهانی ئەم کارەی گۆڤارەکە بە نەشیاو دادەنێن و پێیانوایە ئادگاری جوان یان کرێتی هەر مرۆڤێک لە دەست خۆی دانیە، چونکە هەموو مرۆڤەکان حەز دەکەن کە روخسارێکی جوانیان هەبێ، سەرنجی بینەرو تەواوی مرۆڤەکان بەلای خۆیانەوە رابکێشن.

ئایا ئەگەر رۆژنامە یان هەر کەناڵێکی راگەیاندنی دیکەی کوردستانی بابەتێکی ئاوا لەسەر هونەرمەندان، رۆشنبیران، نووسەران و سیاسەتمەداران بوروژێنێ، چ داهاتووێکی دەبێ؟! ئایا ئێوە پێتانوایە کە کەسی ناوبراو بە شتێکی ئاسایی وەریدەگرێ یان رقی لێهەڵدەگرێ و تۆڵەی لێدەکاتەوە؟!

**شەهلا/ دانمارک**



هەرچەندە کە هونەرمەند لەدەستی خۆیدا نیە کە ئادگاری جوان یان کرێت بێ، بەڵام هەندێ جار ئادگاری هونەرمەندەکە بۆخۆی هاوکاری دەکات بۆ رۆڵ بینین لە فیلم یان شانۆگەرییێکدا.

لەم دواییانەدا گۆڤاری **ماکسیم** بەدواداچوونێکی سەبارەت بە ئادگاری ئەو هونەرمەندانە کردووە کە بۆخۆیان ئادگاریان ناشیرین و ترسناکە، بۆ رۆڵبینین لە فیلمێکی ترسناک دا پێویستیان بەوە نابێ کە خۆیان مکیاژ بکەن، ئەمەش نارەزایی و تووڕەبوونی بەشێکی زۆری ئەو هونەرمەندانەی لێکەوتەوە، ئەو کارەیان بە سوکایەتی پێکردن و بێڕێزیکردن دانا.

# شەهرامی نازری سەرکەوتنێکی دیکە مسۆگەر دەکات



رۆژی هەینی رێکەوتی 2-11-2007 مەدالیای فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی یادکردنەوەی "شەمسی تەورێزی" و کلیلی زێرینی شاری خۆی و لەوحەی قەدرناسی ماڵی سینەمای ئێران لە بارەگای شەمسی تەورێزی دا پێشکەش بە هونەرمەندی ناودار "شەهرام نازری" کرا.

بە پێی ئاژانسی دەنگوباسی شەریف نیوز ، ئێوارەی رۆژی هەینی لە شاری خۆی لە رێورەسمی کۆتایی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی یادکردنەوەی"شەمسی تەورێزی"دا مەدالیای تایبەتی شەمسی تەورێز و کلیلی زێرینی بارەگای شەمس و لەوحەی قەدرناسی و رێزلێنانی ماڵی سینەمای ئێران پێشکەش بە هونەرمەند **شەهرام نازری** پێشکرا.

لە رێورەسمەکەدا 40 کەس لە هونەرمەندان و سینەماکارانی ناسراوی ئێران، هەندێک لە بەرێوەبەرانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرپرسانی ناوچەکە تێیدا ئامادەبوون، هونەرمەند شەهرام نازری لە کاتی وەرگرتنی کلیلی زێرینی بارەگای شەمس لە شاری خۆی، ئەو کلیلەی ماچ کرد و بەم شێوەیە خۆشەویستی خۆی بۆ "شەمسی تەورێزی" و "مەولانا" پێشانی ئامادەبووان دا.

هەر لەو رێورەسمەدا ماڵی سینەمای ئێران، لە تەنیشت مەزاری "شەمسی تەورێزی" لە شارستانی خۆی دا رێزی لە چالاکی هونەریی شەهرام نازری گرت.

شەهرامی نازری سەبارەت بەو ڤێستڤاڵە گوتی: بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵی یادکردنەوەی "شەمسی تەورێزی" بە کارێکی مرۆڤانە و گەورە لە بواری فەرهەنگی ئێران د دەژمێردرێ، کاریگەرییەکی بنەرەتی لە بواری فەرهەنگی وڵاتی ئێران و ئازەربایجان دادەنێ.

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن 0532109256
پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، بالاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە 20، ژمارەی تەلەفۆن: 0662548589 ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چوارباخ، ژمارەی تەلەفۆن 07701325080

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com